# کوردایەتی لە هەولێر و دهۆك

چیا خۆشناو

ئەو شوێنانەی کە پێشتر لە ژێر کۆنترۆلی پارتی دابوون، ئێستاش هەروەك جارانە، مەبەستم دوای یەکگرتنەوەی حکوومەت و دانانی وەزیرەکان کە قسە و بڕیاریان لە نووسینگەکانی خۆیان زیاتر بڕ ناکات. ئەوا رێکەوتنی ستراتیجیشی هاتە سەر، دوای سەرکەوتنی تیپی هەڵبژاردەی عێراق لە بە دەست هێنانی کاسی نەتەوەکانی ئاسیا، خۆشی و شادی سەرجەم گەلانی عێراق گرتووە بە جیاوازی نەتەوە و ئایین و مەزهەب، وەك بیستراوە بەشێك لە تیرۆریستانیش بە بۆنەی سەرکەوتنی ئەو تیپە ئاهەنگیان گێراوە. ئینتمای عێراقیبوون بۆ یەکەم جار هەموو لایەکی گرتەوە هەموویان شانازیان بە عێراقیبوونی خۆیان دەکردەوە ئەو ئینتما بوونە زاڵبوو بەسەر ئینتماکانی تر بۆیە پێم وایە ئەو دیاردەیە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی سەرجەم کوتلە سیاسیەکانی عێراق بەرنامە و ستراتیژی خۆیان بگۆرن و سیاسەتی تر و ئاراستەی نوێتر بگرنە بەر چونکە ئەو تیپە توانی ئیرادەی سەرجەم عێراقیەکان بکاتە یەك لە رێگەی تۆپی پێ کە بە بۆچوونی زۆربەی چاودێرانی سیاسی ئەو ململانێیە شێوازێکی نوێی خۆناساندن و سەلماندنی بوونە. نامەوێ زیاتر بچمە ناو باسەکە ئەوەی شایەنی باسە لە رۆژی سەرکەوتنی تیپەکە لە کوردستان ئاڵای عێراقیش لە پاڵ ئاڵای کوردستان بەرز کرایەوە بەڵام لە هەولێر و دهۆك ئەوانەی کە ئاڵای عێراقیان بەرزکردەوە لە شەق و تێهەڵدان و گرتن بێبەش نەکران، بەڵام من دەپرسم ئایا مافی کێیە ئازادی هاوڵاتی پێشێل بکات؟؟ رێگە نەدات گوزارشت لە ئیرادەی خۆی بکات، ئاسایش دەڵێت دەسەڵاتمان پێدراوە ئەوەی ئاڵای عێراق بەرز بکاتەوە بیگرین و تێیهەڵدەین بە راستی کوردستانیبوون هەروا دەبێ، دە ئێوەی کوردستانی تۆخ ئەمرۆ تۆزێك بۆ مێژوو بگەرێنەوە، مێژووی نزیکیش پێش رووخانی رژێم بە چەند رۆژێك کە حزبەکەتان و سەرۆکەکەتان گەورەترین هاوپەیمانی دکتاتۆر بوون ئێستاش نەدەبوایە لە نزیکی مانگی ئاب شتێکی واتان بکردبایە کە ئەو مانگەتان بە بیر خەڵکی کوردستان بهێنابایەوە یان ئەو ئاڵا و الله أکبرەکەی ناوی شتی ترتان بە بیر دێنێتەوە کە شەرمەزاری کردوون، بەڵام دەبێ ئەو راستیە بزانن ئەگەر لەبەر ئەو ئاڵایە نەبوایە کە شان بەشانی ئاڵا زەردەکەتان لە سەر پشتی دەبابە بەرازیلیەکان دەشکایەوە ئێوەش روو زەرد بەرامبەر بە گەل و پەرلەمان و حکوومەت و خاکی پیرۆزی کوردستان ملی خۆتان شۆر کردبوو هاتنەوە هەولێر و هەموو کوردستان ئێستاش نانی ئەو رۆژە شوومە دەخۆن.

ئەرێ جەنابی سەرۆك خۆمن بەش بە حاڵی خۆم لە هەموو کەسێك زیاتر رقم لە عێراق و عێراقیبوونە چونکە پێنج کەس لە بنەماڵەکەم کە خۆشەویسترین کەس بوون لە دایك و خوشك و برا بەیەك جار لەگەل خاك تێکەڵ کران بەڵام با جارێ ئاسەوارەکانی تەعریب لە هەولێر و دهۆك لە نووسینەکانی سەر دوکان و پسوڵەکانی کاری رۆژانەی هاوڵاتیان لە دەزگا حکوومی و تایبەتەکان کە تا ئێستاش بە عەرەبی دەنووسن، نەهێلین ئنجا بیر لە هەڵنەدانی ئاڵای عێراقی کۆن بکەینەوە. ئێوە دەزانن ئێمە چۆن دەژین، خۆتان هیچ کێشەیەکی ئابووری کۆمەڵایەتیتان نیە لە خۆشترین ژیان دەژین ئەگەر تۆش جێگەی غاندی و هۆشیمینا بگریتەوە بە کردەوە پەیڕەوی بکەن دەتانخەینە سەر سەر، چەند قوربانیمان داوە ئامادەی دوو هێندەی ترین بەڵام ئەگەر مانگێك مووچە لە بەغدا نەدرێت ئامادە نین لە سەرمایە بلۆك کراوەکەتان پولێکی لێ خەرج بکەن، دوای شانزە ساڵ کارەبا لە تکریت بکوژێنرێتەوە ئێمە لە کوردستان گەرما و تاریکی هەراسانمان دەکات، بۆیە باشتر وایە هێمنانە تر هەڵس و کەوت لەگەڵ واقعدا بکرێت و گرنگ ئەنجامە.

ciya_xosnaw@yahoo.com